www.kurdistannet.org
24-10-2006 7:25بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# گەنج لەنێوان هەندەران و بون بەپۆلیسدا... کارۆخ فەهمی

لەکورتترین پێناسەیدا گەنج ئەوتوێژە ئەکتیڤ وچالاکەیە کەئایندەی وولآت لەسەر دەستی ئەوان بینا دەکرێت، زۆربەی گۆرانکاریە گەورەکان وخانە کەلتوری وفەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو لەدەستی گەنجان دان و گەنج ئەیانبات بەرێوە، هیچ وەچەرخانێکی میژوویی گرنگ وهیچ گۆرانکاریەکی ئابوریو شارستانی بەبێ بونی رێژەیەکی بەرچاوی گەنج دروست نەبوەو دروستیش نابێت. لەدونیادا زۆرترین قسە لەسەر گەنج و وەزیفە سەرەکیەکانی کراوە، فەزای رۆشنبیری ئێمەش بەدەر نەبوەلەو دیالۆگە، ئێمەش قسەگەلێکی جدیمان هەبوە لەسەر شوناسی گەنج وتا ڕادەیەکی باش توانراوە پەی بەسایکۆلۆیاو هەستە ناوەکیەکانی گەنجانمان بەرین، بەڵام تائێستا نەتوانراوە کار بۆچاککردنی ئەو بارە دەرونیە ئالۆزەو ئەو کەشە نالەبارەی کەڕێژەیەکی زۆری لاوانی ئێمە تێی کەوتون بکەن...

لەگەڵ ئەم هەمووتوانا نەبڕاوەیەوگەورەییەی گەنجدا، کەچی هێشتا بڕێك متمانەی بۆ نەگەڕێنراوەتەوە، ئێستاش لەپەراوێزدا ژیان ئەگوزەرێنێ هیچ کاتێك وەك توێژێکی تایبەت وهەستیار مامەڵەی لەتەکدا نەکراوە، گوێ لەداواکاریەکانی نەگیراوە، لەڕاستیدا ئەوەی وای لێکردم ئەم چەند دێڕەبنوسم ئەوەبو کە بەر پرسان ودەسەڵاتداران کەمترین قسەیان لەسەر سەرهەڵدانەوەی ئەم شاڵاوی کۆچە نیە کە لاوانی ئەمە وڵاتە بەشێوەیەکی دەستە جەمعی بۆ دەرەوەی نیشتمان ئەنجامی ئەدەن، وەك ئەوەی دیاردەیەکی سروشتی بێت وساڵانەوەك باران وبەفر بارین دوبارەبیێتەوە!قسەی ئێمەلەم نوسینەدا زیاترلەسەر دوبارەبونەوی ئەم دیاردەیەیە کە بەهەمان ڕێژەوبگرە زیاتریش بەڵام لەمێژویەکی ترداو لەکەشێکی تردا کە زۆر جیاوازە لە مێژو و فەزای قۆناغەکانی تر. ئەبینین دوای گۆڕانی هاوکێشە سیاسیە کان وکۆتایی هێنان بە شەڕی ناو خۆو دوو ئیدارەیی و ڕوخانی رێمی بەعس هەمان وێنە دوبارە ئەبێتەوە.. لێرەدا ئەشێ بپرسین:ئەگەر لاوانی ئێمە لەساڵانی ڕابردودا لەبەر باری ئەمنی وهەڕەشەی بەعس ومالوێرانیەکانی شەڕی ناوخۆ وئازادی سێکس ودابین کردنی بژێوی خانەوادەکەی بەدوای شوێنێکی تردا گەراوە، ئەی بۆچی ئیستا کەهیچ کامێك لە هەڕەشانە لەسەر تاکی کوردی نین کەچی بەرێژەیەك نیشتمان جێ ئەهێڵن کە هیچی لە قۆنا غە کانی پێشو کەمتر نیە؟ بیرکردنەوەلە هەڵهاتن لە نیشتمان ئەوپەری نائومێدی مرۆڤە بەرامبەر بەتەواوی پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگاکەی هەستێکە لەلای مرۆڤێك دروست ئەبێت کە بەزۆربەری هەرە زۆری لایەنەکانی ژ یانی خۆی قایل نیە، گەڕان بەدوای شوێنێکی تردا وپشت کردنە نیشتمان هەستی ئینسانێکە کەوەك (الماغوت) تەنها پێڵاوەکانی ئەمی بەنیشتمانەکەیەوە بەستۆتەوە.

ئەگەرلەهۆکارو پاڵنەرە سەرەکیەکانی قۆناغەکانی رابردوو ورد بینەوە ئەبینین هەمان ئەوپاڵنەرانەنین کەئێستا لە ئارادان، کێشە کان جیاوازیان هەیە لەمڕۆدا تاکی کوردی بۆ مەبەستی ترو بەعەقلیەتێکی ترەوە سەر هەڵئەگرێ کەزۆر جیاوازە لەوەی پێشو، ئیستا گەنجی کوردی لەبەر گرانی کرێی وقەیرانی نیشتەجێبون (ازمەسکن) ناتوانی بیر لەپێك هێنانی خێزاندا بکاتەوە، لەبەر نەبونی کارەباو شەقامی قیڕ و نەوتی زستان ونەبونی دەستێکی دڵنا کەرەوە لەبەرنەبونی.... لەخێزانداریشدالەبەرگرانی بازارو پێداویستیەژ یانیەکان ڕوبەڕوی دەیان ئاستەنگی گەورە ئەبێتەوە (جێگای شاردنەوەنیە زۆرێك لەکۆجبەران خاوەنی ژن ومناڵن) . چەندین هۆکاری تری کۆمەڵایەتی وعەشایەری کەپاڵنەر بەهێزن بۆزیاتر کردنی ئەم رێژەیە، بێگومان ئاینیش لەم بەینەدا بێ کاریگەری نیە، چونکە کەم نین ئەوخێزانانەی لەم سەردەمەداکەمناڵەکانیان بەئاگاو نائاگا لەسەردەمی کرانەوەی عەقلدا ئەژین و وشیارن بەرامبەر بەدونیای دەرەوە، ئەیانەوێ بەهەمان عەقلیەتی کۆن

وستراكتۆرەكانی چەند سەدەیەك بەرلە ئیستایان بەسەردا ببرن، مەعلومە باوكێكی ئاینی ئەوشێوە ژیانە بەسەر منالەكانیدا ئەسەپێنێ كە لەدەقە ئاینەكاندا هاتوە، كە ئەمەش تەواو ناكۆكە لەگەڵ ئەو بۆچونەی كەگەنجێك لەم سەردەمەدا هەڵگریەتی.

لێرەدا دوو ڕێگای سەرەكی لەبەردەم گەنجاندا هەیە، یا ئەوەتا ببێت بەپۆلیس وئایندەیەكی كوێر لەم وڵاتە بەمین چێنراوە چاوەڕێی بكات، یاسەری خۆی هەڵگرێت وكەئەمەش دوبارە داهاتویەكی ڕون وشەفافی نیە، هیچ كەسێك ناتوانێ گەرەنتی دوارۆژێكی ڕوناك ومژدە بەخش بدات بە وكەسەی كە ئەبێت بەپۆلیس یائەوەیش كەنیشتمان جێ ئەهێڵێ. ئەم ڕێژە زۆرە لەپۆلیس شارەكانی كردوە بەمەخفەرێكی گەورەی سەربازی یەك پارچە كردونی بە فەیلەقێكی زلی سەربازی كەتەواو جادەو بازارەكان داماڵراون لە هەمو ڕوخسارێكی مەدەنیانە.

كەئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەكان كاریگەری لە سەر ئایندەو چارەنوسی دونیای دیموكراسی و بەمەدەنی بونی كۆمەڵگای ئێمە هەیەو ئەیبێت. زیانێكی گەورە بە دونیای ڕۆشنبیری وكلتوری ئێمە ئەگەیەنێت، چونكە بونی ئەو گەنجە بەپۆلیس تەواوی ئەو حەزو ئارەزوانە ئەكوژێت یا بەرەو پوكانەوەیان ئەبات كە بەر لەبونی بەپۆلیس هەڵگریەتی كە ئەمە بۆخۆی باسێكی ترە.

كەم نین ئەو قوتابی وخوێندكارومامۆستایانەی لەبەر موچەی زۆری پۆلیس وازیان لەخوێندن هێناوە، كەم نین ئەو دەستگێڕو عەرەبانچیانەی عەرەبانەو سینیەكانیان فڕێداوەو جلی سەربازیان كردۆتەبەر، بۆ پێكەوەنانی برێك لەپارەو دواجار جێهێشتنی نیشتمان.

ئەم شاڵاوە پێمان ئەڵێ كە ئێمە لەچ قەیرانێكی قوڵی ئەخلاقیدا ئەژین، پێمان ئەڵێ كە گەنج چەندە نائومێدە بەرامبەر بەئایندەی ئەم وڵاتە، ئەڵێ من چیتر تەفرە بەدرۆكانی ئێوە ناخۆم، تۆ بەشێكی گەورەت لەژیانی مندا دزی، پێمان ئەڵێ كەچیتر پێشكەوتن وشارستانی بونی ئەم وڵاتە سودێك بەمن ناگەیەنێ.

پاڵنەرێگی سەرەكی كەلەقۆناغەكانی ڕابردودا وای لەگەنجان ئەكرد كۆچ بكەن مەسەلەی سێكس بوو، لەبەر ئەوەی هیچ وەسیلەیەك نەبوو تاواقیعی ئەوێی نیشان بدات لەخەیاڵی خۆی دا هەمو ئەوروپای وەك مەلهایەكی گەرە ئەبینی!بەڵام ئێستا بەهۆی ئامێرە دیجیتاڵیەكانەوە برێك لەواقیع ئەبینێ ڕاستیە كانی بۆدەركەوتوە، ئەزانێ ئەوروپا بەو شێوەیە نیە كە ئەم مەزەندەی كردبوو، كەواتە ئەم شاڵاوەی ئەم دواییە بۆئازدای مومارەسەی سێكسیش نیە. بەڕای من ئەم سەر هەڵگرتنەدەستە جەمعیەی ئەمجارە جۆرێكە لەتۆڵەسەندنەوە جۆرێكە لەناڕازی بون وتوڕەیی، شێوەیەكی تری سوتاندنی مۆنۆمێت وبەنزینخانەوخۆپیشاندانە كانی ئەم دواییە، شكڵێكی تری دەربرینی بێدەنگیە خەفەكراوەكانی ناخیانە. مۆدێلێكی ترە بۆ دەربرینی ناڕەزایی، ئەوئیتر ئەزانێ كە مەحاڵە بتوانێ لەناو ئەم گەندەڵیەو وێرانەیەدا ئەو شێوە ژیانە بژی كەخۆی ئەیەوێت. ئەزانێ مانەوەی لەم وڵاتە بەفیرۆدانی تەمەنەبەبێ سود، ژیان لەم ووڵاتە بۆنوخبەیەكی تایبەتە و حەیف ئەم لەو تایبەتمەندیانەی تیانە بۆ یە شایەنی ئەم جۆرە لە ژیان كردن نیە! بۆ یەچارەنوسی ئەو مردنە لەكۆڵانە تاریك وشێدارەكانی (پاریس) و خەوتنە لەسەرپارچەیەك كارتۆن لەبەخچەیەكی (بەرلین) یا لەووڵاتەكەی خۆیدا ولەبەر كردنی جلێكی خاكی یا سەوزو ڕەش لەگەڵ تفەنگێكی (جیش شعبی) كەتەواو لێیان وەڕس و بێ تاقەتە.

بەڕاستی شەرمێكی گەورەیەلەسەردەمی كرانەوەی عەقل وزۆربونی زانكۆكان وخانە كلتوری و ڕۆشنبیریەكان، دوای یەكانگیربونی ماڵی كوردی، بەم ڕێژەیە لەهاوڵاتیان بەڕێكەی نایاسایی نیشتمان جێ ئەهێڵن، ئەگەر چی هەموو تاكێك لەدونیادا ئازادە بەدوای ژیانێكی ئازادو سەردەمیانە دا بگەڕێت، بەدوای جۆرێك لەژیاندا بگەڕێت كە كەسایەتی و پێداویستیە ڕوحی و مەعنەویەكانی پتەوو

بەهێز بکات بیکات بەئینسانێك کە بتوانێت لەگەڵ هەموئەو گۆڕانکاریە خێراکانی ژیان هەڵبکات و بەشدار بێت لە بەرهەم هێنانیان.
کاتێك باسی خەڵکانێکمان بۆ ئەکەن کە بەشێوەیەکی نایاسایی سنورەکان ئەبڕن و لەووڵاتاندا داوای مافی پەنابەرێتی ئەکەن. یەکسەر لەزەینی خۆماندا وێنەی مرۆڤێکی پەرپوت ئەکێشین، مرۆڤێك کە تاقەتروسکاییەك لەنیشتمانەکەیدا شك نابات، ووڵاتێك لە هەموو ڕوەکانەوە لەقەیرانی گەورەگەورەدا ئەژی یابەدەست جەنگێکی بێئامانەوە ئەناڵێنێ، بەڵام ئێمە لەو جۆرە وڵاتانە نین بەلایەنی کەمەوە ئەشێ ئیمەلەڕوی ئازادی ڕادەربرین و ئازادیە ڕوحی ومەعنەویەکان لەزۆرێك لەووڵات ڕۆژهەڵاتیەکان باشتر بین کەلەرویان لەڕۆژ ئاوا کردوە، تروسکاییەك بەدی بکەین، ئاشکرایە ئەم چەند شارەی کوردستان برێك ئارامترە لە لەپارێزگایەکانی تری عێراق شەپۆلە گەورە کانی شارستانیەت ودیجیتاڵ لەوڵاتی ئێمەدا ئامادەیی هەیە، بەڵام دیارە ئەمەنا هیچ کاریگەریان نیە ئەشێ گەنج مەرامی شتی تری هەبێت. ناعەدالیەتێکی گەورە ببینێت.. مۆنۆپۆل کردنی دەسەلا ت و سەرمایەداری بێ ماندوبون چاولێبکات... ئەو جیاوازییە قوڵە بەدیکات کە لەنێوان خۆی و کوڕی بەر پرسێکی حزبدا هەیە. بۆیە وانائومێدانە پشت لەنیشتمان ئەکات.
بۆئەوەی ئەم ڕەوتە بەردەوام نەبێت و درێژە نەکێشێت، پێویستە دەسەلاتی سیاسی کوردی بەخۆیدا بچێتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنی قەیرانە کانی بدات، بایەخ بەمەسەلەی گەنجان بدات برێك لەمتمانەی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەبێ خۆی کۆبکاتەوە بۆدروست کردنی نەوەیەکی ئەکتیڤ وچالاك، نەوەیەك بیرلەکۆچ نەکاتەوەو بەنانی تەمەڵی پۆلیسیش ڕازی نەبێت (هەڵبەتە مەبەستم نیە لەبایەخی پۆلیس کەمبکەمەوە بەڵام هەمومان و پۆلیس خۆیشی ئەزانێ کە لە ووڵاتی ئێمەدا هەڵگری کۆمەڵێك ماناو ناونیشانی ترە کە تەواو ناکۆکە لە گەڵ ئەرکە پیرۆزەکەی پۆلیس) . ئەگەرچی من کەمێك ڕەشبینم بەهەڵوێستی سیاسی کوردی، چونکە تائێستا ئەبوایە چارەسەرێکی بۆ ئەم کێشەیەو چەندانی تریش بدۆزیایەتەوە هیچ نا ئێستا هەستمان بە جۆرێك لە خۆ ماندو کردن یا سەرەتاکانی دروست بونی سەرەتاتکێیەك بۆ چارەسەر کردنی ئەم ڕەوشە هەڵوێستێك، خۆماندو کردنێك، خەم خواردنێك بۆ ئەم کێشانە بکردایە.. دڵنیام بەهەوڵدانێکی جدی وخەمخۆرانە ئەتوانرێ کەمێك بەر بەم شالاوە بگیرێ وخۆشەویستی بۆ نیشتمان بگەڕێنرێتەوە، ئەویش پێویستی بەهەوڵدان وتوانای نەپسانەوە هەیە.